کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# کوردستان پۆست لە بەهانە ئەگەڕێ ؟

ئاسۆی ئاسۆزادە

**ماوەیەکە کوردستان پۆست بەمەبەستی شکاندنو ناوزڕاندن پەلاماری ناو رومەتی کاک ئازاد جندیانی بەرپرسیی راگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی داوە.**

**من هەرچەندە تێبینیم لەسەر وشەی "زبڵدان" هەیە کە ئەو بەرامبەر سایتی کوردستان پۆستی بەکارهیناوە، پێم وایە وشەکە هەندێ قورسە، بەڵام ئەوە کاردانەوەی کوردستان پۆست بەو مەرامە گومانلێکراوە کەلەدوتویی زمانی سەروتارو وتارەوکانی دیکەیەیان دەرکەوت، کارێکی وایان کرد خوێنەر وا هەراسان بکاتو بڵێت مەعدەنی کوردستان پۆست دەرکەوت.**

**من بۆ ئەو رایەی سەروم ئەو بەڵگانەی خوارەوە دەهێنمەوە:**

**یەکەم؛ پێش پەلاماردانی جندیانی، کوردستان پۆست بە توندی پەلاماری سەرۆ قادری بەرپرسی راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانی دا. پێم وایە تاکو پەلاماردانەکەی زیاتر سەرنجراکیش بێ وەک دەگوترێ دۆو دۆشاو تێکەڵ بکا، تەواو رەخنەو پەلامارەکانی تەعمیمتر کرد، تاکو کەسانی تریش بگرێتەوە بەتایبەتی ئەوانەی لەپێشەدا لەیەک نزیکن؛ بۆیە جندیانی بەر هەڵمەتەکە کەوت. لەمێیژە ئەوە رەچاو دەکرێ گەر یەکێ رەخنەیەک لەدەزگایەکی پارتی بگرێ ئەوا تاکو پێی نەگوترێ رەخنەی لە یەکێتی نەگرتوە یان بە حیسابی خۆی تا نەکەوێتە نێوان لایەنو لایەنداری، ئەوا شەلم کوێرم، هیچ نابوێرم دەگرێتە بەرو، پەلاماری لایەکەی دیکەش دەداو کاگەزەکانی تەواو تێکەڵ دەکا. رەنگبێ ئەو هێرشکردنە بۆ سەر جندیانی ئەو لێکدانەوەیەش هەڵبگرێ کەوا کوردستان پۆست بەنیاز بێ هەڵمەتەکەی"بەهەر هۆیەک بێ" دژی سەرۆ قارد سوک بکات، بەتیایبەتیش دوای دوا هەڵوێستی نەبەز گۆران. بۆیە بەناهەق بایدایە سەر کەسایەتی جندیانی، چونکە بۆ کوردستان پۆست بەپلەی یەکەم هێرش کردنەکە گرنگە نەوەک نەوەک رەوایەتی هێرش کردن. ئیتر ئەو قسەیەی جندیانیش" زبڵدان' راستەوخۆ بەهانەی دایە دەست کوردستان پۆست.**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سەیر ئەوەیە کاتێک کوردستان پۆست هەر رەخنەیەکی بچوک لە دەزگایەکی پارتی بگرێ راستەو خۆ یەکێتیشی تێوە ئەگلێنێ یان نبەڤێچەوانەوە، بەمە دەسەلاتی کوردی تۆمەتبار دەکا. ئەوەش هەموی" بەحیساباتی خۆیان" تاکو بە خوینەران بسەلمینێ گوایە رۆژنامەیەکی ئازادو ئۆپۆزسیۆنە، وەک ئەوەی ئازادیو ئۆپۆزسیۆنبوون جنێودانو شەڕ فرۆشتن بێ بەدەسەلات. ئەو مەفهومەی ئۆپۆزسیۆنایەتی بەداخەوە بەوشێەوە جار بەجار لە میدیای کوردی بە رێگای هەڵەدا دەڕوا.

دوەم؛ لە بیانو گەڕان شتێک دەردەخا کە نیازێکی پێشوەخت هەیە، وەک ئەوە وایە کە کوردستان پۆست خۆی لە بۆسەدا نابێ، پیشوەختیش زمانە زبرەکەی ئامادە کردبێ بۆ هێرش کردن، گەر هەلی بۆ دەرکەوت یەکسەر بێ ئیعتبار دانان بۆ هیچ پێوەرێک پەلامار بدا، وەک کە کردی. ئەو جۆرە هەڵوێستە دورە لە رەخنەو هەڵسەنگاندن. ئەو رەخنەیەی کە هەقە رۆژنامەوان بە بەڵگەو ویژدانەوە بیگرێت.

سێیەم؛ کەسایەتی و لایەنە روناکبیریەکەی جندیانیو کە بە راشکاویی لە پشت وشەی ئازادو بەهەڵوێستە، لەبەر مەبەستی پێشوەخت تەواو پشت گوێخراوە، لەبەر ئەوەی ئەو ئەو لێپرسراویتیەی هەیە، کەواتە دەکەوێتە بەر تانەو تەشەر. تانەو تەشەریش بازنەی رەخنەی رەتاندوەو کەسایەتی کە مافێکی پیرۆزی هەڵگرەکەیە پێشێل کردوە. لەو بارەدا کوردستان پۆست لەو هێرشانەیدا هیچ حیسابێکی بۆ لەیەک جیاکردنەوەی کەسو پیشە نەکردۆتەوە.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com